# سیمۆن ڤەی، ڕزگاربووی هۆلۆکۆست و خەباتگێڕی مافی ژنان

ئان شۆمەن

**و: مستەفا زاهیدی**



٩ی حوزەیرانی٢٠٢٥ وتار

سیمۆن ڤەی (Simone Veil)، ڕزگاربووی ئاشوڤەیس، وەزیری پێشتری تەندروستی، ئەندامی ئاکادیمیای فەرەنسا و یەکەم سەرۆک پەرلەمانی ئەورووپا بوو. ڕۆژی ٣٠ جوونی ٢٠١٧، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. سەرەتای مانگی جوونی ٢٠١٨ و یەکساڵ دوای مردنی، تەرمەکەی بە ئامادەبوونی ئیمانوئێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەرەنسا، گوێزرایەوە بۆ "پانتئۆن"، کە گۆڕستانی کەسایەتییە دیارە کەلتووری و مێژووییەکانی فەرەنسایە. لەم بابەتەدا باس ئەکرێت لە ژیان و چالاکییە کەلتووری و سیاسییەکانی سیمۆن ڤەی.


RA. 207.586.
1.799.
MINISTÈRE DE L'INTÉRIEUR
ALPES-MARITIMES
Police d'Etat de Nice
5 • ARRONDISSEMENT
Service des
Mademoiselle JACOB Simone Annie Liline
née à Nice
le 13 Juillet 1927
fille de André Jacques JACOB
et de Yvonne Steinmetz
Marié à célibataire

**ژمارەیەکی بەتاتۆ کوتراو لە سەر باڵی چەپ**

بۆ سیمۆن ڤەی ( لەدایکبووی ١٣ی جوونی ١٩٢٧، بە نازناوی ژاکووبەوە، لە شاری نیس، لە باشووری فەرەنسا) پرسی 'جوو بوون' هێشتا پرسێکی کەلتووری بوو. بنەماڵەکەی کە چەند سەدە بوو لە فەرەنسا دەژیان، زۆر گرێدراوی ڕێ و ڕەسمەکان و کەنیسەی جووەکان نەبوون. سیمۆن ڤەی لە کتێبی ژیاننامەکەی خۆیدا نووسیبووی: "ئەوەی کە باوکم سوور بوو لەسەر ئەوەی مافی ئەندامبوون لە کۆمەڵی جووەکانمان ببێت، لەبەر باوەڕە ئایینییەکەی نەبوو، بەڵکوو هۆکاری کەلتووری بوو. ئەو لای وابوو ئەگەر جووەکان نەتەوەیەکی هەڵبژێردراو ماونەتەوە لەبەر ئەوە بوو کە خەڵکانێک بوون خاوەن کتێب، بیرکردنەوەو نووسین". ئاندرێ ژاکۆب، دایکی سیمۆن ڤەی، باوکی سیمۆن ڤەی، بیناسازێکی سەرکەوتوو بوو و دووهەمین خەڵاتی گەورەی ڕۆمی بۆ بیناسازی بەدەست هێنابوو. هاوژینەکەی، دایکی سیمۆن ڤەی، کوت و پڕ وازی لە خوێندنی لە بواری کیمیا هێنا و هەموو کاتی خۆی بۆ بەخێوکردنی چوار منداڵەکەی دانا: دۆنیز، میلۆ (مادلێن)، ژان، سیمۆن کە نازادی دایکی بوو.

لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووهەمدا، دەوڵەتی فەرەنسا بە بنەماڵەی ژاکۆبی ڕاگەیاند بنەماڵە جووەکان ناتوانن لەگەڵ بنەماڵەکانی تر خاوەن مافی یەکسـان بن. سـاڵی ١٩٤٠، یاسـای پێداچوونەوە بە (دۆخی جووەکان) بوو بە هۆی ئەوەی باوکی سـیمۆن لە کار دەربکرێت و ئەمەش یاسـایەکی زۆر بێبەزەییانە بوو: ئەم کۆنە سەربازەی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم کوت و پڕ مافی کارکردنی لێ سەندرایەوە. سێ ساڵ دواتر، بنەماڵەی ژاکووبەکان، کە لە نیسی فەرەنسا گیرسابوونەوە و خۆیان شاردبۆوە لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە دەسـتگیر کران. بەرەبەیانی ١٣ی ئاپریلی ١٩٤٤، سـیمۆن لەگەڵ دایکی و خوشکەکەی سواری ڤاگۆنێکی باری کران (کە زیاتر بۆ گواستنەوەی ئاژەڵەکان بەکار ئەهات) و دوای دوو ڕۆژ و نیو، لە نیوەی شەودا، گەیشتنە بەر دەرگای کەمپی ئاشـوڤەیتس- بێرکناو ( Auschwitz-Birkenau) لە پۆڵەندا. لە ناو ڕیزی دیلەکاندا و لە ناو سـەگەکاندا، یەکێک لە سـەربازەکان ئامۆژگاری سـیمۆنی تەمەن ١٦ سـاڵ و نیو ئەکات ئەگەر دەیهەوێت نەنێردرێتە ژووری گازەوە، بڵێت ١٨ساڵم تەمەنە.

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، لەسـەر باڵی چەپی سـیمۆن ژمارەیەکیان تاتۆکرد کە جۆر و شـوێنی کارەکەی، کە پەرەپێدان و گەورە کردنەوەی شـوێنی زیندانییە نوێکان بوو، دیاری ئەکرد. سیمۆن لەگەڵ دایک و خوشـکەکەی نێردرانە چەند کیلۆمەتر دوورتر لە کەمپی ئـاشـوڤەیتس- بێرکنـاو.، بۆ ئەوەی کـاری تاقەتپڕووکێنی ئیشـکردن لە سـەر زەوی دەسـت پێ بکەن. دوای ٩ مانگ، ڕێککەوتی ١٨ی جێنیڤەری ١٩٤٥، ئەڵمانییەکان لەبەر ئەوەی نیگەرانی هێرش و هـاتنە پێشـەوەی هێزەکانی یەکیەتیی سـوڤیەت بوون، چل هەزار کەس لە زیندانییەکانیان لە ناو کەمپەکە کۆکردەوە: ئەمە سەرەتای " ڕێپێوان ( مارش)ی مەرگ"(Death march ) بوو. سـیمۆن لەگەڵ دایکی و خوشـکەکەی ٧٠ کیلۆمەتر لە ناو بەفر و بۆراندا بە پێ ڕێیان کرد بۆ ئەوەی بگەنە دیلەکانی تر لە شـوێنی ڤـارگۆنەکـان، دواتر گوێزرانەوە بۆ کەمپی مـاوتهـازن ( Mauthausen concentration camp) و دواتر گوێزرانەوە بۆ کەمپی کـاری زۆرەملێی بێرگن- بێلزن ( Bergen-Belsen concentration camp).

**بیروەرییەکانی هۆلۆکۆست**

جەنگ بەرەو کۆتایی ئەچوو، بەڵام بنەماڵەی ژاکۆبەکان کەسێکی وایان لێ نەمابۆوە: سیمۆن ڤەی، لە کەمپی بێرگن- بێلزن بە هۆی نەخۆشی تیفووسەوە دایکی لەدەست دابوو، باوک و، براکەی، ژان، دوورخرابوونەوە بۆ کەمپەکانی تر. سیمۆن تا چەند ساڵ دواتر نەیزانی چی بە سەر ئەم دوو پیاوەی بنەماڵەکەیدا هاتووە. ساڵی ١٩٧٨، ئەو کاتەی وەزیری تەندروستی فەرەنسا بوو، سێرژ کلارسفێلد (Serge Klarsfeld) پارێزەری ناوداری فەرەنسی و ڕاوچی نازییەکانێ بینی. کلارسفێلد ئەگێڕێتەوە: "من ماوەیەک لەوەو پێش کتێبێکم بۆ باسکردن و ڕێزگرتن لە جووە فەرەنسییە دوورخراوەکان بڵاو کردۆتەوە کە ناوی ٧٦٠٠٠ جووی فەرەنسی تێدایە کە دوور خراونەتەوە، ئەم لیستەیە ناو و نازناو، شوێن و ڕێککەوتی لەدایکبوونی ئەو کەسانەی تێدایە. ئەو ڕۆژە لە وەزارەتی تەندروستی پێمگوت باوک و براکەی لەگەڵ گرووپی ٧٣دا فەرەنسایان بەجێ هێشتووە. نێردراون بۆ کۆناس، لە لیتڤانی و ژمارەیەکی لە دوورخراوەکانیان ناردووە بۆ تالین لە ئێستۆنیا. لە ناو ئەندامانی ئەم گرووپەدا کە نێردراون و ٨٧٨ کەس بوون، تەنها ٢٣ کەس توانیویانە ڕزگاریان بێت و نەمردوون. هیچکامەیان نەیاندەزانی باوک و براکەی سیمۆن -ڤەی لە کوێ و کەی کوژراون".

وەک بەشێکی زۆر لە ڕزگاربووەکانی کەمپەکانی مەرگ، سیمۆن -ڤەی هیچکات ئەوەی نەشاردۆتەوە کە ئەو چەند مانگە زۆرەی کە لە ئاشوڤەیتس- بێرکناو دیل بووە، زۆرترین کاریگەری لەسەر هەموو تەمەنی داناوە. لە ژیاننامەکەیدا کە ساڵی ٢٠٠٩ بڵاو کراوەتە نووسیبووی: "لام وایە ئەو دەمەی لە سەرەمەرگدام و کاتی مردنم دێت، تەنها شتێک لە مێشکمدا دەمێنێتەوە بیرەوەرییەکانی هۆلۆکۆستە". بە پێچەوانەی ژمارەیەک لە ڕزگاربووەکان، سیمۆن-ڤەی پێی باش بوو تاتۆیەک کە بیرەوەری ئاشوڤەیتس بوو لە سەر باڵی چەپی (ژمارەی ٧٨٦٥١) بهێڵێتەوە. پییەر فرانسوا، کوڕی سیمۆن -ڤەی ئەڵێت: "ژمارەیەک لە ڕزگاربووەکان پێیان باشە ئەو تاتۆیەی کە نازییەکان لە سەر باڵیان کوتاون بسڕنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەنەوە. بەڵام هەندێکیان وایان پێ باشە هەموو ڕۆژێک بەرامبەر بە بیرەوەرییەکانیان بوەستنەوە و لەبیری نەکەن. دایکم لەو تاقمەی دووهەم بوو. بە هاویناندا کە باڵی لە ژێر کراسدا نەدەشاردراوەیەوە، ئاسانتر لە هەموو کات ئەمانتوانی ژمارە تاتۆکراوەکە ببینین".



سیمۆن بەردەوام هەوڵی ئەدا بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانی هۆلۆکۆست زیندوو بهێڵێتەوە. ئەو بوو بە سەرۆکی فەخری "دامەزراوەی بیرەوەرییەکانی هۆلۆکۆست" و ساڵی ١٩٩٥، پێشوازی کرد لە ڕیالیست بوونی ژاک شیراک کرد، لەبەر ئەوەی شیراک وەک سەرۆککۆمار بۆ یەکەمجار بەرپرسایەتی وڵاتەکەی بەرامبەر بەو خەڵکە جووەی کە دوور خرابوونەوە بۆ ئاشۆڤەیتس گرتە ئەستۆ و بە فەرمی ناسی. هۆلۆکاست برینێک بوو کە هێشتا دەبوایە سارێژ بکرایەت. سێرژ کلارسفێڵد لە لێکدانەوەکەی خۆیدا ئەڵێت: "دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، ڕزگاربووەکان دەیانزانی لە ڕووداوێکی زۆر تراژێک، ڕووداوێک کە وێنەی نەبوو، ڕزگاریان بووە: هەوڵدان بۆ لەناوبردنی یەکێک لە کۆنترین نەتەوە مێژووییییەکان. هەندێکیان برینەکانی ئەم کارەساتە گەورەیە لە سەر ڕۆح و دەروونیان مایەوەو تا ئەو کاتەی زیندوون لەگەڵ ئەو ئازارانەدا ئەژین. ژمارەیەکیان بەڵام جۆرێک بەهێز دەرکەوتن و توانیان خۆیان بگرنەوە کە تەنانەت مناڵ خستنەوە و سەرکەوتن لە کارەکانیان، وەک سەرکەوتن بە سەر نازییەکان دەبینی، وەک ئەوەی بیانهەوێت ببن بە هۆی شانازی بنەماڵەیەک کە لەدەستیان چووبوو. بێگومان سیمۆن ـڤەی یەکێک بوو لەو کەسانە".

## تواناکانی ڕزگاربوویەک

دوای ماوەیەک لە گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا، سیمۆن -ڤەی خەڵک و سەردەمەکی خۆی بە هێزە بێ وێنە و تایبەتەکەی خۆی، وەک کەســــێک کە ڕزگاربووی ئاشـۆڤەیتس بوو، بردە ژێر پرسـیارەوە. فرانسـوا دو پانافیو، نوێنەری پێشـتری پەرلەمانی فەرەنســــا ئەڵێت: "ســـــیمۆن غەریزەی مانەوەی زۆر بەهێز بوو، دەیویســــت بۆ تا هەتایە ناوی بمێنێتەوە. ئەو دەمەی کە دەبین بە ڕزگاربووی گەورەترین کارەساتی سـەدەی بیسـتەم، ڕەنگە نەتوانین ئیتر وەک کەسـانی تر ژیان ببینین و دونیا وەک ئەوان نابینین. مناڵەکان، کار و ســـیاســـەت بۆ ئێمە مانایەکی تریان ئەبێت. ســـیمۆن هەموو کارێکی کردووە شـــکســـت بە مەرگ بهێنێت. ئەو دەیویســــت بەلای مناڵەکانی، خزمەکانی و بەتایبەت ئەوانەی لە دەسـتی چووبوون وەک نموونە و سـەرچەشـنێک بمێنێتەوە." سـیمۆن – ڤەی دەســـتبەجێ و دوای ڕزگاربوون لە کەمپی ئاشـــۆڤەیتس، لە زانکۆی زانســـتە سیاسییەکانی پاریس (Sciences Po) ناوی نووسی، دواتر ژیانی هاوسەری پێک هێنا، بوو بە دایکی سێ مناڵ، بڕیاریدا ئەو وانانەی لە دایکیەوە فێری ببوو جێبەجێی بکات : ژنێک بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت پێویستە کار بکات و خاوەنی ئیش و پیشـەی خۆی بێت. دوای مشـتومڕێکی زۆری بنەماڵەیی، سـیمۆن توانی ئانتوان -ڤەی هاوژینی ڕازی بکات بەوەی ڕازی بێت ئەو لە دادگا کار بکات.

ســـــیمۆن – ڤەی بەشـــــداری چالاکانەی هەبوو لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی (بزووتنەوەی کۆماریخوازی خەڵکی)، حیزبێک کە هاوژینەکەی ئەندامی بوو. بەمەشـــەوە هەندێجار هەســـتی ئەکرد زیاتر لە بزووتنەوەی چەپ نزیکە: زۆر شـــــەیدا و عاشـــــقی پییەر مێندس – فرانس (Pierre Mendès France) ڕێبەری "حیزبی ڕادیکـاڵ" بوو، چەنـدجـار لە هەڵبژاردنەکـان دەنگی بە ســـۆســـیالیســـتەکان دابوو، پەیوەســـت ببوو بە ســـەندیکای یەکیەتییە کرێکارییەکانەوە. ســیمۆن-ڤەی ڕێزی لە بوێری خوێندکارەکان لە ســەردەمی شـــۆڕشـــی مانگی مەی ١٩٦٨ دەگرت و بە ڕێزەوە باســـی ئەکردن. لەم بارەوە نووســـیبووی: "بەپێچەوانەی کەســـانی تر من لام وا نەبوو ئەم گەنجانە هەڵە ئەکەن. ئێمە بە ڕواڵەت ژیانمان باش بوو و لەخۆشـــیدا ئەژیاین، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی چەقبەستوودا ئەژیاین".

سیمۆن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ١٩٦٩ دا دەنگ دا بە ژۆرژ پۆمپیدۆ (Georges Pompidou) ، بێئەوەی بزانێت بڕیار وایە خۆی ببێت بە یەکێک لە ئەندامانی کابینەکەی. سـیمۆن یەکەم ژن بوو بوو بە سـەرۆکی "ئەنجومەنی

بـالاّی دادوەری"، دوای ئەوەش یەکەم ژن بوو وەک دەســـــتەی بەڕێوبەری "نووسینگەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی فەرەنسا " (ORTF) هەڵبژێردرا. ژان ئەڵێت: "بـاوک و دایکی ئێمە، بـاوک و دایکێکی ئـاســـــایی نەبوون. ئەو کـاتەی دایکی هـاوڕێکـانم لە مـاڵەوە خەریکی یـاری کۆنکەن و وەرەق بوون، یـان کـاری ماڵەوەیان ئەکرد، دایکم شـــەو و ڕۆژی ئەخســـتە ســـەر یەک و کاری ئەکرد". پییەر فرانســـــوا ئەڵێت:" ئەو کاتەی دایکم لە دادگا کاری ئەکرد، ئێمە لە نزیکی گۆرەپانی "سێنت ئاندرێ- دیزار" دەژیاین. دایکم نیوەڕوان بە پەلە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمە نان بخوات، بەڵام زۆربەی کاتەکان خواردنەکەمان لە وێستگەی پاس تەواو ئەکرد، لەبەر ئەوەی درەنگ کەوتبووین!"، ژان – ڤەی ئەڵێت: "دایکمان ئەوەندەی گرینگی بە ئاکار و هەڵسووکەوتمان ئەدا، گرینگی بە وانەکان و ئەرک نووسینەوەمان نەئەدا. ئەو شتەی دایکم لێی ئەترسا و ئازاری ئەدا ئەوە بوو کە ئێمە کاتمان و ژیانمان بەفیڕۆ بدەین و کارێک نەکەین".

سیمۆن- ڤەی وەک چۆن سوور بوو لە سەر ئەوەی کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بە هەمان شـێوە دەیوسـت کات دابنێت بۆ مناڵەکانیشـی، هەربۆیە زۆر خێراتر کـارە ئیـدارییەکـانی خۆی تەواو ئەکرد. بەڵام ســــالّی ١٩٧٤، کـاتێک بنەمـاڵەی (ڤەی) لەگەڵ هـاوڕێکـانیـان خەریکی خواردنی نـانی ئێوارە بوون، خزمەتکارەکە داوای لە ســـیمۆن کرد مێزی نـان خواردنەکە جێ بهێڵێت، بە تەلەفۆن کاریان پێی بوو: ژاک شیراک، سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا دەیویست قســەی لەگەڵ بکات. سـیمۆن لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا کە سـالّی ٢٠٠٩ چاپ بوو ئەڵێت: "داوای لێکردم ئەگەر حەز ئەکەم وەک وەزیری تەندروســـتی بچمە نـاو کـابینەکەیەوە. من دادوەر بووم، تـا ئەو کـاتە تەنـدروســـــتی و بواری تەندروســـــتی ئەو شـــتە نەبوو کە بووبێت بە گرینگترین کـارەکـانی ژیـانم. بەمەشـەوە، دوای دوودڵییەکی زۆر، سـەرەنجام ڕازی بووم بە پێشـنیارەکەی. لەبەر خۆمەوە وتم: ئاااای خوایە، خۆم خستۆتە چ گێژاوێکەوە!"

ئەرکەکانی وەزیری تەندروســتی زۆر قورس بوون: ئەنجومەنی "ڕێکخســـتنی بنەماڵە" بڕیاری بوو پرسی لەباربردنی کۆرپەلە بە شێوەی شاراوە و نایاسایی تاوتوێ بکات. میشـێل پۆنیاتۆسـکی، وەزیری پێشـتری تەندروسـتی، سـیمۆنی ئاگادار کردبۆوە کە ئەبێ زۆر زوو بپەرژێتە سـەر ئەو بابەتە و کاری لەسـەر بکات. سـیمۆن -ڤەی زۆر زوو ڕەشـنووسـێکی بۆ یاسـاییکردنی لەباربردنی کۆرپەلە داڕشـــت، ئەمە وای کرد هەر لە ســـەرەتای کارەکەوە هێرش بکرێتە سەری و هەزاران نامەی سووکایەتیئامێزی بۆ بچێت. فرانسوا پانافیو (کەسێک کە دایکی، هێلێن میســـۆڤ، جێگری وەزیری تەندروســـتی لەو حکوومەتەدا) ئەگێڕێتەوە: "لەم ســـەردەمەدا، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێکانی ســیمۆن- ڤەی

خۆیان ئەبوار لەوەی کە بیبینن، ئەوانی تریش تا ئەو شـــوێنەی بۆیان ئەکرا، تەنانەت ناویشیان نەدەهێنا. ئەمڕۆکە زۆر ئەستەمە بتوانیت باس لەو ئاستە لە توندووتیژی و مشتومڕەکانی ئەو سەردەمە بکەیت و وێنای بکەیت کە دۆخەکە چەند قورس بوو".



ڕێککەوتی ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧٤، کاتێک کە چالاکانی بواری مافەکانی ژنان بۆ پشتیوانیکردن لە سیمۆن و ڕەشنووسی یاساکە، لەبەردەم کۆشکی بۆربۆن (Palais Bourbon) کۆببوونەوە، سـیمۆن بۆ بەرگریکردن لە ڕەشـنووسـی یاسـای پێشـنیارکراو لە پەرلەمان ئامادە بوو و قسـەی کرد: "ئیتر ناتوانین ئەوە لە بەرچاو نەگرین کە هەموو سـاڵێک سـێسـەد هەزار کۆرپەلە لەبار ئەبرێن و ژیان و تەندروستی ژنانی ئەم وڵاتە ئەخرێتە مەترسییەوە، ڕووداوێک کە دژی یاسـاکانی ئێمەیە و ئەوانەی ئەم کارە ئەکەن بە چاوی سـووک دەبیندرێن و هەست بە سووکایەتی ئەکەن و دەروون و ڕۆحیان بریندار ئەبیت... من یەکێک نیم لەو تاقمەی لە داهاتوو ئەترسـن. نەوەی نوێ و گەنجەکان زۆرجار ئێمە شـۆک ئەکەن، لەبەر ئەوەی زۆر جیاوازییان هەیە لەگەڵ نەوەی ئێمە. ئێمەش منداڵەکانی خۆمان جیاواز لە بەرەو نەوەی خۆمان پێ گەیاندووە. بەڵام ئەمانە گەنجـانێکی نەترس و بوێرن، ئەوان بەو پەڕی وزەوە ئـامـادەی هەرجۆرە لە خۆبردووییەکن. با متمانە بەم نەوە و بەرەیە بکەین بۆ ئەوەی بەها بەرزەکانی خۆی لە ژیاندا بپارێزێت."

له وەڵامی سیمۆن-ڤەی دا، ڕێنە فیت، یەکێک لە نوێنەرەکانی پەرلەمان وتبووی: "گوێ بگرن لە دەنگی لێدانی دڵی کۆرپەلەکـان!" ژان فوایە، نوێنەرێکی تر، " دروستکردنی "کوشتارگەکان"ی شەرمەزار کردبوو کە "جەستەی کۆرپەلەکانی تێدا لەنـاو ئەبرێت." ژان – مـاری دایە، یەکێکی تر لە نوێنەرەکـان وتبووی: "ڕابردووی ســـیمۆن-ڤەی وەک یەکێک لە ڕزگاربووەکانی ئاشـــۆڤەیتس لەبیر بکەن، ئەو کۆرپەلانە بێننە بەرچـاوی خۆتـان کە فڕێ دەدرێنە نـاو ( کورەی مرۆڤ سووتاندنەوە) ! "زۆر قورس بوو ئەم " تاقیکردنەوەی ئاگرە" تێپەڕێنیت. بەڵام لە هەموو مشـتومڕەکاندا، سـیمۆن-ڤەی وەک ژنێکی سـیاســەتمەداری بەهێز و بە توانا دەرکەوت و سەرەنجام سەرکەوت.

**سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا**

سیمۆن-ڤەی پێنج ساڵ وەک وەزیری تەندروستی کاری کرد، ئەمە ئەو پۆست و پلەیە بوو کە جارێکی تر لە سـاڵی ١٩٩٣ بۆ ١٩٩٥ لە سـەردەمی حکوومەتی ئێدوارد بالادۆر (Edouard Balladur) بەدەستی هێنایەوە. ڤەی لەم ساڵانەدا ناوبانگی زۆری پەیدا کردبوو و زۆر خۆشــەویســـت بوو. ســـاڵی ١٩٧٧، ئەو کـاتەی ئـانتوان-ڤەی، خۆی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پـاریس هەڵبژاردبوو، دەنگدەرەکان بەردەوام لێیان دەپرســـی ئاخۆ ئەو "مێردی ســـیمۆن-ڤەی"ە، ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی ئەدایەوە، نا، سیمۆن- ڤەی هاوژینی ئەوە!



ســـاڵی ١٩٧٩، والیری ژیســـکار دیســـتن (Valéry Giscard d'Estaing)، سەرۆککۆماری ئەو کاتی فەرەنسا، کە عاشقی کارە سیمبۆلیک و گرینگەکانی ســـیمۆن بوو، بڕیاریدا ســـیمۆن-ڤەی، کە ماوەیەک بوو ببوو بە جێگری ئەورووپایی دەوڵەت، بۆ یەکەم ســـەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا بپاڵێویت، سیمۆن-ڤەی بە زۆرینەی دەنگ وەک ســەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا. ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی: "ئەوەی کە دوورخراوەیەک و کەسێک کە پێشتر لە ئاشـــوڤەیتس لە زیندان بووە وەک ســـەرۆکی پەرلەمانی نوێی ئەورووپا لە ســـتراســـبۆرگ هەڵدەبژێردریت ڕووداوێکی هیوابەخش بوو بۆ داهاتوو." ژاک دیلۆرز (Jacques Delors) (سیاسەتمەداری فەرەنسی و سەرۆکی پێشتری کۆمیسیۆنی ئەورووپا) کە باس لەو سالانە ئەکرێت ئەڵیت: "پەرلەمانی ئەورووپا یەکەم هەنگاوەکانی هەڵدەگرت، هەموو شـــتێک نوێ و تازە بوو و ئامادە بوو بۆ ئەوەی دروست بکریت و بونیاد بنرێت. ئێمە لە ســەرەتای ڕێگەدا بووین و دەمانویست ئەورووپایەکی نوێ و زیندوو بونیاد بنێین، بەڵام سیمۆن-ڤەی لە ســـەردەمی ســـەرۆکایەتی خۆیدا، توانا بێ هاوتاکانی خۆی خســـتبووە ڕوو و ســـەلماندبووی چەن کەســـێکی بەتوانایە، ئەو توانای بڕیاردانی هەبوو. ئەو (سیمۆن-ڤەی) لە وتەکانیدا بە بۆنەی وەرگرتنی پۆستی ســـەرۆکی پەرلەمان زۆر بە وردی و بە باشـــی باســـی لە کێشـــەکانی بەردەم دروســـتبوونی ئەورووپایەکی یەکگرتوو کردبوو".

لە ســـاڵەکانی ١٩٩٠، ســـیمۆن-ڤەی لە دونیای ســـیاســـەت دوور کەوتەوە بۆ ئەوەی هەموو توانا و کاتی خۆی بۆ " ئەنجومەنی یاســـای بنەڕەتی" دابنێت. لە دوایین ســـــاڵەکـانی دەیەی ٢٠٠٠ ( ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٠) بەرە بەرە چـالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی کەم کردەوە: ڤەی ســاڵی ٢٠٠٧ وازی لە " ئەنجومەنی یاســـای بنەڕەتی" هێنا و دواتر لە ســـەرۆکایەتی "دامەزراوەی یادکردنەوەی هۆلۆکۆســـت" کشـایەوە. لەم سـالانەدا (ڤەی) مێرد و خوشـکەکەی مردبوون، ئێســـتا ئەگەڕایەوە بۆ لای بیرەوەرییەکانی خۆی: "بیرەوەریی بنەماڵە و خزمانی، هەڵبەت یادکردنەوەی قوربانییەکانی هۆلۆکۆســـت. ئەو وتبووی: "زۆر باش ئەزانم کاری ئێمە لەگەڵ ئەوان هیچکات کۆتایی نایەت، بۆ هەر کوێ بڕۆین ئەوان لەگەڵمانن، زنجیرەیەکی گەورە دروست دەکەن کە ئەوان بە ئێمە، ڕزگاربووەکانەوە، گرێ ئەدەنەوە".

سەرچاوە:

https://www.aasoo.org/fa/articles/%D8%B3%DB%8C%D9%85%D9%88%D9%86-%D9%88%DB%8C%D8%8C-%D8%A8%D8%A7%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%DB%8C-%D9%87%D9%88%D9%84%D9%88%DA%A9%D8%A7%D8%B3%D8%AA-%D9%88-%D9%85%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D8%B2-%D8%AD%D9%82%D9%88%D9%82-%D8%B2%D9%86%D8%A7%D9%86